# تێڕوانینێک لە هونەری موزیک و گۆرانی کوردی... فەرهاد محەممەد سالح

بەشی یەکەم



موزیک بۆخۆی هەڵگری سیفەتێکە لە بزواندنی روح، کە گوێگر بارگاوی ئەبێت لە ئەنجامی گوێگرتن لێی. بێ گومان موزیک ئەتوانێ سەر بە هیچ نەتەوەو سنورێکی دیاری کراوی نەبێت و ئازادانە سەر بەماڵی روحی هەموو مرۆڤێکدا بکات.
ئەتوانین ئەمرۆی پانتایی موزیک لە سێ خاڵدا ببینین..

1. موزیکی جیهانی.. کە هەر لە سەرەتای سەردەمی راپەرینەوە هەتا ئەمرۆی سەردەمی نوێ، بە شێوەیەکی رێکوپێک و زانستی، لە سەر دەستی موزیکزانە بلیمەتەکانی سەردەمی خۆی، بە شێوەی میراتی هونەری کە قۆناغ بە قۆناغ سەردەمی بڕیوەو بە مامەڵە کردنێکی زانستیانەی دەنگەکانی موزیک، وە بە داڕشتنی لە سەر شێوەو فۆرمە جیا جیاکانی موزیکدا، گوزارشت لە هەست و روح و ژیانی مرۆڤایەتی ئەکرێ.
2. موزیکی جاز و پۆپ.. موزیکی جاز وەک مێژووی سەرهەڵدانی ئەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی 1890 و سەرەتای 1900. موزیکی پۆپ ئەتوانین بڵێین زادەی موزیکی جازە، وە لەگەڵ پەرەسەندنی پیشەسازیدا پەرەی سەند و لە سەرەتادا چێژی تاکی کۆمەڵگا بووە هۆی پەرەسەندن و کارکردن لەم فۆرمەدا و لە سەرەتای 1965وە وەک فۆرمێکی سەربەخۆ مامەڵەی هونەری و زانستییانەی تێدا ئەکرێ.
3. موزیکی نەتەوەیی یان گەل.. (کە مەبەستی باسەکەم زیاتر ئەم خاڵەیانە). ئەو هونەرە گۆرانی و موزیکەیە کە نەتەوەیەک خاوەنێتی و سنورێکی دیاری کراو لە هونەری نەتەوەیەکی تری جیا ئەکاتەوە.

ڕەنگە سەربەخۆو بوێرانە نەتوانم بڵێم مۆرکی موزیکی کوردی، بەڵام بێ گومان و دوو دڵی ئەڵێم مۆرکی گۆرانی کوردی. چونکە ئەگەر بە وردی تەماشای مێژووی گەلی کورد بکەین، پانتاییەکی ئێجگار زۆری لە هونەری گۆرانی هەیە، وە کارکردن لە فۆرم و شێوەی گۆرانیدا هەتا ئەمڕۆش بە شێوەیەکی بەرچاو هەیە، نەک کارکردن لە فۆرمی موزیکدا.
وەک لە سەرەتادا ئاماژەم پێدا کە موزیک ئەکرێ سەر بە نەتەوەو سنورێکی دیاری کراوی نەبێت، کە ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ خودی دانەری موزیک و موزیکزان کە چۆن و لە چ شێوەو فۆرمێکی موزیکدا کارە هونەرییە موزیکییەکە ئەنجام ئەدات.
بێ گومان موزیکزان سەر بە هەر نەتەوەو گەلێک بێت، بۆ ئەنجام دان و داڕشتنی کاری موزیکی، ئازادانە ئەتوانێ خەیاڵەکان لە چوارچێوەیەکی جوانیدا، پێشکەش بە مرۆڤایەتی بکات. بەڵام کاتێک باس لە هونەرێکی دیاری کراوو سنوردار ئەکەین، (مەبەستم لە هونەری گەلێکە)، بە ڕای من زۆر پێویستە موزیکزان بە ئاگایی و لێپرسراویەتیەوە مامەڵە لەگەڵ میلۆدی و شێوەو فۆرمی کارە هونەرییەکەدا بکات.
ئەگەر گوێ بیستی گۆرانییەکانی هەر یەک لە ناوچە جیا جیاکانی کوردستان بین، میانەی*دەوڵەمەندی مۆرکی کوردیمان لا ئاشکرا ئەبێت، بۆیە بە ڕای من پێویستە لای موزیکزان و گۆرانیبێژانی کورد، هۆشیارانە تێگەیشتن هەبێت لە میانەی مۆرکی گۆرانی کوردی، بە گوێ گرتن و تێگەیشتن و ناسینەوەی ئەو دەربڕینانە لە مەقام و بەستە

کوردییەکان، کە بونەتە پێناسێک بۆ مۆرکی گۆرانی کوردی. بۆ نمونە.. لای هەمووان ئاشکرایە زۆربەی گۆرانی بێژانی ڕبردوو ژەنیارەکانیان عەرەب بوون، بەڵام هەر بە زوویی و بە ئاسانی جیاکارییەکمان لا دروست ئەبێت لە دەربڕینی میلۆدی گۆرانییەکەدا لە نێوان دەنگی گۆرانیبێژەکە و ژەنیارەکان، کە لە دەنگی گۆرانیبێژەکەدا میانەی مۆرکی کوردی ئەبیستین و لە ژەنیارەکانیش میانەی مۆرکی عەرەبی.

بەم شێوە تێگەیشتنە لە ڕێگای گوێ گرتنەوە لە میانەی مۆرکی کوردی لە لایەن موزیکزان و گۆرانیبێژەوە، کەڵک وەرگرتنێکە بۆ ئەنجامدان و داڕشتنی کاری هونەری نوێ لە سەر شێوەو فۆرمی موزیک یان گۆرانی کوردی، چونکە دەنگی گۆرانیبێژانی ڕابردوو، تاکە بەڵگەی ڕاست و دروستن بۆ خوێندنەوەو ناسینەوەی میانەی مۆرکی کوردی.

بە ڕای من موزیکزان بە پلەی یەکەم بەرپرسیارە لە ئەنجامدانی کارێکی هونەری موزیکی و گۆرانی کوردی. وە بێ گومانم هەروەها کە کارتێکردنی هونەری موزیکی جیهانی بە گشتی و موزیکی وولاتانی دراوسێ، پێویستە بۆ فراوان کردنی خەیاڵ و ڕوحی موزیکزان، بۆ ئەنجامدان و داڕشتنی کاری موزیک یان گۆرانی نوێ، بە مەرجێ تێگەیشتن و مامەڵە کردنێکی هۆشیارانە هەبێت، لە میانە دەنگییەکان، نەک هێنان و دروستکردنی گۆرانییەک یان موزیکێک، بە ڕێگەی لاسایی و کۆپیکردنی مۆرکی موزیکێکی تر، بە ناوی موزیک یان گۆرانی کوردی، چونکە بە ڕای من ئەمەیان ناهۆشیاری و ناڕۆشنبیری و بێ ئاگایی موزیکزان و گۆرانیبێژ پێناس ئەکات.

---

*میانە.. نێوانی ئەو دەنگە یەک بە دوا یەکانەی موزیکە، کە پەیژە موزیکییەکان و ئاوازو میلۆدیە موزیکی و گۆرانییەکانی لێ دروست ئەکرێت.